**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٦٢ لە ٢٠٢٦/٢/٥**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦
## پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگەی بەرهەم هێنانی زەیتی زەیتون

پاڵپشت بە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (پێنج) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی (١):**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: وەزارەت**: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان لە وەزارەت.

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی باخداری**: بەڕێوەبەرایەتی باخداری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**پێنجەم: کارگە**: کارگەی بەرهەم هێنانی زەیتی زەیتون.

**شەشەم: ئاوی پاشماوەی زەیتون**: ئاوێکی ڕەنگ ڕەش و بۆنداری ناخۆشە لە دوای پرۆسەی گوشینی زەیتون و بەرهەم هێنانی زەیت لە دەرەوەی کارگە کۆدەبێتەوە.

**حەوتەم: هەویری زەیتون**: پاشماوەی دوای گوشینی.

**ماددەی (٢):**

پێویستە ئەو مەرجانەی خوارەوە بێنەدی لەو زەوییەی تەرخان دەکرێت بۆ دامەزراندنی کارگە:

**یەکەم:** کارگەی زەیتی زەیتون تەنها لەسەر زەوی بەردەڵانی دادەمەزرێت.

**دووەم:** ڕووبەری تەرخانکراو بۆ دامەزراندنی کارگە (٢) دوو دۆنم کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** پێویستە شوێنی کارگە لە کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون لە (پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزا و ناحیەکان و گوند) بە دووری (١ کم) یەک کیلومەتر دوور بێت و (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر لە ڕێگای سەرکی و (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر لە ڕێگای لاوەکی و (١٠٠م) سەد مەتر لەڕێگەی گوند دوور بێت

**چوارەم:** پێویستە کارگە سەرچاوەی ئاو پێویستی هەبێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت:

أ- داواکار داوا پێشکەش دەکات بۆ دامەزراندنی کارگە بەفەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە لەگەڵ پێشکەش کردنی تەواوی زانیاری دەربارەی کارگە وپێکهاتەکانی و نەخشەی پرۆژەکە.

ب- لیژنەیەکی هاوبەش کە پێک دێت لە کشتوکاڵی ئەو ناوچەیەی داواکاریەکەی لێ پێشکەش کراوە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە نوێنەری (باخداری و زەوی وزار) و ڕووپێوێک پشکنین و کۆنوسی تایبەتی بۆ دەکەن.

ج- داوا و کۆنوس و نەخشە ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی باخداری دەکرێت.

د- بەڕێوبەرایەتی باخداری دوای دڵنیابوونەوە لە گرنگی پرۆژە پێشکەشکراوەکە لە ڕووی جۆر وکوالێتی بەرهەم بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بازار، بەهەماهەنگی بەشی زەوی و زار لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ پاش هاتنەدی مەرجەکانی یاسا و ڕێنمایەکان کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان (کارەبا، شارەوانی و گەشت وگوزار، سامانە سروشتیەکان، ژینگە، ڕێگا و بان، گەشەپێدانی پیشەسازی، ئاوی ژێر زەوی، ئاودێری).

ذ- پاش تەواوکردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوندیدارەکان مامەڵەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی لە وەزارەت بۆ ڕێگە پێدان بەدروست کردنی کارگەکە.

ر- بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگە پێدانی سەرەتایی بۆ ماوەی (١)ساڵ یەک ساڵ دەدات دوای وەرگرتنی لاری نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵی، پاش تەواوبوونی کارگەکە و ئامادەبوونی بۆ کارکردن بە پشتگیری بەڕێوبەرایەتی باخداری لە پارێزگا و ئیداری سەربەخۆکان مۆڵەتی هەمیشەیی پێدەدرێت.

**دووەم:** هەر (٢ساڵ) دوو ساڵ جارێک مۆڵەتەکە نوێ دەکرێتەوە.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** پێش بەگەڕخستنی کارگەکە پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشە پێدانی پیشەسازی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان وەربگرێت بەمەبەستی دڵنیابوون لە هاتنەدی مەرجەکانی تایبەت بە تەندروستی و دڵنیای جۆری.

**دووەم:** دوای بەگەڕخستنی کارگە پێویستە پابەند بێت بەجێبەجێ کردنی مەرجەکانی تایبەت بەهەردوو وەزارەتی بازرگانی و تەندروستی.

**ماددەی (٥):**

پێداویستی و مەرجەکانی دامەزراندنی کارگە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** دروست کردنی هۆڵێک بۆ دامەزراندنی کارگە ڕووبەرەکەی بەپێی قەبارەی کارگەکە بێت و توانای بەرهەمهێنانی هەبێت.

**دووەم:** زەوی ناو هۆڵەکە و دیوارەکەشی بە بەرزی (١,٥م) یەک ونیو مەتر بە سیرامیک ڕووپۆش بکرێت.

**سێیەم:** دوو ژوور لە ناو هۆڵەکە دروست بکرێت، ژوورێک بۆ تاقیگە بۆ پشکنینی زەیتی زەیتون و دووەم بۆ قوتوبەند لە قوتونان یان لە بوتڵ کردنی زەیتی بەرهەم هاتوو، وە پێویستە بوتڵی شووشە بێت یان تەنەکە بەپێی مەرج و ستاندەری تایبەت بە هەڵگرتنی خۆراک.

**چوارەم:** ئەگەر خاوەن کارگە ویستی زەیتی زەیتون کۆبکاتەوە و پاشان بیفرۆشێت پێویستە گەنجینەی تایبەتی هەبێت و پلەی گەرمی عەمبارەکە لە (١٥س°) پانزە پلەی سلیزی زیاتر نەبێت و پارێزراو و تەندروست هەڵبگیرێت.

**پێنجەم:** جگە لە هۆڵەکە گەراج و دوو ژوور بۆ کۆگا و کارگێری دروست بکرێت.

**شەشەم:** دروست کردنی حەوزێکی گەورەی کۆنکریت بۆ کۆگاکردنی ئاو و پاشماوی زەیتون.

**حەفتەم:** لە نزیک حەوزی کۆگاکردنی ئاو و پاشماوەی زەیتون، دیواربەندێک بە ڕووبەری (٢٠٠م) دووسەد مەتر و بە بەرزی(١-١,٥)م یەک و نیو مەتر دروست بکرێت بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی زەیتونی گوشراو.

**هەشتەم:** بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی (باگێرەوە) پێویستە چواردەوری پرۆژەکە سەوز بکرێت.

**ماددەی (٦):**

بەکارهێنانی پاشماوەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** هەویری زەیتون: ئەو هەویرە دەکرێت جارێکی تر پرۆسەی گوشینی لەسەر ئەنجام بدرێت و بەرهەمەکەی بۆ پیشەسازی سابوون و پێداویستی جوانکاری خانمان بەکاربێت، یان هەویرەکە ڕاستەوخۆ بەکاردێت وەک پەین بۆ زەوی کشتوکاڵی، یان وەک ئالیک بۆ ئاژەڵ و دەکرێت وەک سووتەمەنی بەکاربهێنرێت.

**دووەم:** ئاوی پاشماوەی زەیتون: نابێت ئەو ئاوە بەهیچ شێوەیەک تێکەڵی زێراب (مجاری) یان هەر سەرچاوەیەکی ئاو بکرێت یان بەڵکو پێویستە بەپێی ڕێکارە تەندروستیەکان چارەسەر بکرێت.

**ماددەی (٧):**

دەبێت خاوەن کارگە پابەند بێت بە سەرجەم بڕیار و ڕێنمایەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە وەزارەت دەربارەی شێوازی کارکردن بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** کاتی ڕنینی زەیتون و کاتی بەرهەم هێنانی زەیت و مەرجە هونەریەکان.

**دووەم:** هەماهەنگی لەگەڵ خاوەن باخە زەیتونەکان بکات بەمەبەستی وەرگرتنەوەی بەرهەمی ناوخۆ و دروستکردنی باخی زەیتون تایبەت بە بەرهەم هێنانی زەیت

**سێیەم:** پێدانی زانیاری تەواو لەسەر تەواوی کارە ئەنجام دراوەکانی ساڵانە وپێشکەش کردنی ڕاپۆرتی گشتی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**ماددەی (٨):**

پابەندە داراییەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** کرێی پشکنینی زەوی (٢٥,٠٠٠) بیست وپێنچ هەزار دینار.

**دووەم:** کرێی دەرهێنانی مۆڵەت (٣٠٠,٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار.

**سێیەم:** کرێی نوێ کردنەوەی مۆڵەت (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار.

**ماددەی (٩):**

نابێت هیچ کارگەیەکی زەیتی زەیتون دابمەزرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە پرۆژەکە بەپێی یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەمواركراو بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ سەرپەرشتیاری پرۆژەی هەبێت.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** لە کاتی نوێ نەکردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی تەواو بوونی مۆڵەتەکە، خاوەن کارگە کرێی سەرباری لێ وەردەگیرێت بە بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ هەر ساڵێک دواکەوتنی لە نوێ کردنەوەی مۆڵەت وە ئەگەر بۆ جاری دووەم مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە بڕەکە دەبێت بە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بۆ هەر ساڵێک.

**دووەم:** ئەگەر خاوەن کارگە مۆڵەتی نوێ نەکردەوە لە دوای تێپەربوونی (٣٠) سی ڕۆژ کە لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیەدا هاتووە ئاگادار دەکرێتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پەیوەندار بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنەکە، بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** مۆڵەت بە هەڵوشاوە هەژمار دەکرێت لەم بارانەی خوارەوە:

أ- دەست بەکارنەبوونی کارگە بۆ ماوەی ساڵێک لەڕێکەوتی وەرگرتنی مۆڵەتی هەمیشەیی بەبێ پاساوی یاسایی (عذر مشروع).

ب- لەکاتی ڕاگرتنی کارکردن لە کارگە لە لایەن خاوەنی کارگە بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی (عذر مشروع) بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ.

ج- لە کاتی پابەندنەبوونی خاوەن کارگە بە ڕێنماییەکانی وەزارەت، کارگە ڕادەگیرێت لە کارکردن بۆ ماوەی یەک هەفتە و لە کاتی دووبارەبوونی لە پابەندنەبوون ئەوا ماوەکە دوو هێندە دەکرێت، ولە کاتی بەردەوام بوون لە سەرپێچی ئەوا مۆڵەتەکە بەهەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

**چوارەم:** لە کاتی پەیڕەونەکردنی مەرج و ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە تەندروستی و دڵنیای جۆری ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان مامەڵە دەکرێت لەگەڵ خاوەن کارگە.

**ماددەی (١٢):**

پێویستە بەرهەمەکە بە شێوەیەکی تەندروست و کوالێتی بەرز بەرهەم بهێنرێت و بخرێتە بازاڕەوە و مەرجە تەندروستیەکان جێبەجێ بکات و بەرواری بەرهەم هێنان و بەسەرچوون لەسەر بەرهەمەکە دیاری کرا بێت و لە ساردخانەدا هەڵ بگیرێت.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە کارگەکە کاربکات بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ جوتیارانی بەرهەم هێنەری زەیتون بۆ زیاد کردنی بەرهەمی ناوخۆ و پاڵپشتی کردن لێ و کەمکردنەوەی هاوردە.

**ماددەی (١٤):**

ئەو کارگانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕینماییە دامەزراون پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە لە ماوەیەکدا کە لە (١٨٠) سەد وهەشتا ڕۆژ تێنەپەڕێت.

**ماددەی (١٥):**

ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

مەبەست لە دامەزراندنی کارگەی بەرهەم هێنانی زەیتی زەیتون و بەرهەم هێنانی زەیتی زەیتونی خۆماڵی بەشێوەیەکی زانستی و تەندروست، و گرنگیدان بە چاندنی داری زەیتون و زیاد بوونی بەرهەمی زەیتون وەک بەرهەمێکی بەهادار کە بە پیشەسازی کردنی ئەم بەرهەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار و باشترکردنی باری ئابووری جوتیاران و وزیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و بەرەوپێش چوونی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنمایە دەرچووێندرا.

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**